کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-5-2007 13:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوردستان یان دوبەی!!!! ... تاڤگە سابیر



دەبێ چ هۆیەک لەپش ئەوەوە بێت کە کورد ئەوەندە خۆش باوەڕو ساویلکە بێت، چ هۆیەک بێت وای لە میللەت کردبێت دوای چەندین بەڵێن و بەڵێن شکێنی سەرکردەکانی، هەمووجارێک وەک نەبای دیبێ نەباران، دوبارەو چەند بارە دەکەوێتەوە وە خولیای ئەوخەونە ئاڵو والآیانەی کەسەرکردەکانی لە کاتێکی تایبەتیداو بۆ مەبەستێکی تایبەتی بۆی دروست دەکەن، ئەو خەونانەی کە هیچ پەیوەندیەکی لۆژیکی نایان بەستێتەوە بەبارودۆخی خۆیی و بابەتی چەندایەتی و چۆنایەتی پراکتیکی دەسەڵاتی کوردی و، ئەگەری بەدیهاتنیان بەپێی ئەداو پلان و بەرنامەکانی ئەم دەسەڵاتە لەمەحاڵ نزیکترە وەک لە جێبەجێکردن، دەبێ هۆکەی هەڵپەی عەودالّی بێ و خەونە نیشتیمانی و نەتەوەییانەی کە بەدرێژای مێژوو، کورد خەباتی بۆ کردووەو بۆ دەکات و تائێستا وەدی نە هاتووە، لەو هەڵپەی عەودالّیەدا نەپرژێتە سەر پێداچونەوە بەڕابردو بیرکردنەوەی لۆژیکیانە لەئیستا، یان بێ ئەزمونی و نالۆژیکی ئەقلیەتی شەقامی کوردییە، یان هەردووکیانە و ئاوێزانە لەگەڵ کەلتورێکدا کە حیزبە کوردیەکان خۆیان دروستیان کردووەو جەماوەریان پێگۆش کردووە، کەلتورەکەش ئەوەیە کە جەماوەرەکە هەمیشە "بەڵێ" داروبێ بۆ ... ؟ یەو لەهەموو ئانو ساتێکدا هەر بەڵێنێک و ڤاکسینێکەو دەتوانی چۆنت بوێ ئاوا جەماوەری پێ ئاڕاستە بکەی، چیت بوێ لەبیری بەرییەوەو چیت بوێ سەرگەرم بکەی، باشترین گەواهیدەری ئەو گریمانەیەش شانزە ساڵە تاقیکردنەوەی دوای ڕاپەڕین و چەندین جار شەڕی ناوخۆو دوای هەموو جەولەیەکی شەڕی ناوخۆ ئاشتیەکی ڕوکەش و ئێستاش بەناو ئیدارەیەکی یەکگرتوو، یان بارودۆخی پێش هەریەکێک لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو، کەناڕەزایەتی دوای هەڵبژاردن و بەڵێنە جێبەجێنە کراوەکان تەنها چەند ڕۆژێکی پڕ ووتارو کۆبونەوەی سەرکردەکانی پێویست بوو تاجەماوەر بکەوێتە جۆش و خرۆش لەسەر ئاوازەکانی حیزبی بەڵێنەکانی سەرکردەکان بەزیادەوە بلێتەوە.

ئومێدێکی نوێ و خەونێکی نوێی بۆ دروست دەبێت، بەڵام لەئەنجامدا زۆربەی بەڵێنەکانی جیا لە ڕەشکردنەوەی چەند پەڕە کاغەزێک و وروژاندێکی کاتی هەست و سۆزی سادەو خۆشباوەڕی جەماوەری، دارێک ناخەنە سەربەردێک و کۆڵێتی ماڵە هەژارێک ڕوناک و گەرم ناکەنەوە کاولی و وێرانی، شارۆچکەیەک یان گوندێک ناسڕنەوە ئوقرەیی و شەهید و ئەنفالکراوەکان، تروسکاییەکی گەشبینی بۆ لاوە بێ ئومێد و ڕەشبینەکان دروست ناکەن، ساڵێک لە مەوبەر بوو بەڵێنی ئەوە بەم میللەتی ئەم وڵاتی دارکە بڕیاریانداوە کووردستان دەکەن دوبەی، ئەو دوبەیەی نەک خەڵکی خۆی بەڵکو خەڵکی وڵاتانی تریشی تیا حەساوەتەوە، وەک هەمیشە ئێستاشی لەگەڵدابێت جەماوەری بارگاوی بەحیزبایەتی تەسک و دەروێشایەتی سەرکردەکان هەر خەون بەدوبەیەوە دەبینن کە بێتە کوردستان ... .. !!!!

کوردستان لەجیاتی وڵاتی دوبەی وڵاتی دەبە!! بۆت وڵاتێک کە بەشێکی زۆر کەمی خەڵکەکەی مانای دوبەی دەزانن، بەڵام لە منداڵێکی چوارساڵانەوە تا پیرێکی سەرجێگا مانای دەبە دەزانێت، بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان نازانن دوبەی شارێکە یان وڵاتێکی سەربەخۆ یان ویلایەتێکە، قەبارەو ژمارەی دانیشتوانی چەندەو دەکەوێتە کوێی گۆی زەوییەوە، بەڵام هەموویان دەزانن دەبە چیە و چۆن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

22-5-2007 13:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لەگەورەییەوە بەرەو بچووکی دەچێت، هەموویان دەزانن دەبە چەند جۆرە پێشتر دەبە چەند لیتری بووەو ئێستا چەند لیترییە، هەموویان دەبە نەوت و گاز و بەنزین لە کوێ وە دێ و بەکوێی گۆی زەویدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە کوردستان، کەم کەسی ئەم وڵاتە دەزانێ دوبەی چەند قۆناغەی ئێستا، بەڵام هەموو کەس دەزانێ دەبە لەیەوە ڕوی لەکوردستان کردووەو چەند قۆناغی بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستە، ئێستا هەرلەسەر شەقامی شارەکان و فرۆشگاکانی سەرسنور مامەڵەی پێناکرێت، بەڵکو وا پێشکەوتووە بەتاڵ دەکرێ و لەبەنزینخانە ئەهلیەکانی مەسئولەکاندا سوتەمەنیە عادییەکەش هەر بە موحەسەن دەفرۆشرێت، لەم وڵاتەدا ئەوانەی ئاگایان لە بەرزو نزمی نرخی دراو بازاڕی دەکەن زۆرکەم و دیاریکراون، بەڵام ئەوانەی ئاگاداری بەرزو نزمی نرخی دەبەو هێنان و بردن و مامەڵەی بورسەی دەبەی و هەموو تەمەنێک و بێ ئەژمارن، خەڵکی ئەم وڵاتە تەنها لەکەناڵە ئاسمانیەکانەوە کۆشک و بازار ئایارتمانە چەند نهومیەکەی دوبەی دەبینن، بەڵام هەموو ڕۆژێک لەهەموو سەرقامێکی شارو شارۆچکە و تەنانەت گوندێکیشدا ڕێزێ دەبەو بازاڕی دەبەو گردۆڵکە دەبینن، ئەمڕۆ خەڵکی ئەم وڵاتی لەجیاتی ئاشنابوون و زانیاری کۆ کردنەوە لەسەر کەلتوری سیاسی و ئیداری و ئابوری دوبەی، عەودالی کەلتوری دەبەن، دەبە نەوت دەبە گاز دەبە بەنزین و ساختەکاری لەهەرسێکیاندا، ئەمڕۆ ژمارەی لیترەکانی دەبە گرنگترە لە ژمارەی خەونە هەرگیز بەدینەهاتوەکانی دوبەی لەزۆرماڵی ئەم وڵاتەدا بۆ هەموو لیترێک نەوت چەندین فرمێسکی حەسرەت و نائومێدی دەڕێژێ، بەڵام ئومێدی خەندەیەک بەدیناکرێت بۆ ئەو دوبەیەی سەرکردەکان مژدەیان پێداوە، لەم وڵاتەدا چۆن ئاسۆیەک نیە بۆ ئەوەی بە دوبەی بگەین هیوایەکیش نیە لەگەڵ دەبە لێک جیابینەوە.

سوێد 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.